# مه رگی ماچه کان پێش کردنیان



سیروان حه نیفی
Sirwan_e@yahoo.se

ئه گه ر پۆستاڵه ره شه کانی ده سه ڵاتێک بکه ونه ته ڕاتێن
له م وڵاته،
سه ر ڕێگایان پێ ئه گرم
بۆ ئه وه ی به سه ر سینگم دا هه نگاو بنێن
بۆ ئه وه ی به سه ر دڵم دا لاقه کانیان له زه وین بکوتن
من نامه وێ چیدی به م ئازارانه وه بژیم
نامه وێ چیدی په یامی نائارامیت پێم بگات
ماندوم له م هه مو خه ونه
له م هه مو فرمێسکه
له م هه مو دووریه
له م هه مو ماچانه ی پێش کردنیان ئه مرن
ڕێگای هه مو خه ونه کانم ئه گاته وه تۆ
به کردنه وه ی هه ر درگایێک
خه یاڵه کانی تۆ
ته نیائیه کانی خۆم
به ڕۆخم دا ئه کرێنه وه

هاوار له م هه مو گۆناهه ی
هیچیان بۆ لێبوردن نابن
هاوار له م هه مو برینه ی
هیچیان بۆ ده رمان نابن
من مه رگێکی پێچراوه له پاکه تێک دا پێم درا
کاتێک یه که م نیگاکانت شه یدای کردم
کاتێک یه که م هه نگاوه کانت له دوی خۆی بردم
کاتێک یه که مین هه ناسه کانت عاشقی کردم
هه مویان ئه و ڕه مزه بون هێشتا نه مناسی بون
ئه و بۆشاییانه بون نه ته نیا له تۆدا
له خۆمیشدا نه م دۆزیبووه و
تراوێلکه یکه
گه یشتن به تۆ
هه ر ده ڕۆم و هه ر تینومه
هه ر ده ڕۆم و پێ ناگه م
هه مو رۆژێ له تاو هیجرانی ئه مسالْ "
" ته مه ننای مردنی پێراره بێ تۆ
ئه گه ر شه وێک ته یموری شه ل بێته وه و داوای چاو بکات
یه که م که س ده بم چاو ه کانی خۆمی ئه ده مێ
بێ ئه وه ی له تاریکی بترسم
نالیش ئه که م به رسته ی سه ر لێوم
بیناییم کوێره، هه ڵنایێ به رووی که س "
" موژه م یه ک یه ک ده ڵێی بزماره بێ تۆ

2006.06.29